# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

## ژمارە 5

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

9–ی کانوونی یەکەمی 2007

## لەبارەی پاشکۆی ، هەفتەنامەی فیدراسیونەوە

هەروەک لەژمارەی یەکەمی ئەم بلاوکراوەیەدا ئاماژەمان پێکرد کە ئەرک و ئەولەویاتەکانی هەفتەنامەی فیدراسیون زیاتر بە مەبەستی بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و کارو چالاکیەکانی فیدراسیون و هاوکات وەلامدانەوە بەهەر پرسیارو پیشنیارێکی خوێنەران و ڕێنمای کردنی پەنابەران لە پەیوەند بە چۆنیەتی ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەم دۆخەو چۆنیەتی شکڵپێدانی نارەزایەتیەکانمان لە بەرامبەر بەسیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وولاتانە... ! لەمبارەوە تائیستە لە چوار ژمارەی ڕابردودا سەرەتای کارمان دەستی پێکردوەو لەمە بەدواش بەهەمان شێوە کارەکانی خۆمان درێژە پێدەدەین . بەلام دیارە بزوتنەوەی پەنابەری و کەمپەین و کارو چالاکیەکانی فیدراسیون پێویستی بە تاوتوێکردن و ئاوڕلیدانەوەیەکی فراونترە کە ڕەنگە نەکرێت و بۆمان ممکین نەبێت لە چوارچیوەی هەمان هەفتەنامەی چوار لاپەڕەیدا وەلامیان پێ بدەینەوە . هەربۆیە لەمبارەوە بە پیویستمان زانی کە لەپاڵ چەند ژمارەیەکی تری هەفتەنامەی فیدراسیوندا هاوکات پاشکۆیەکیش دەربکەین بۆ بلاوکردنەوەی بۆچوون وهەلسەنگاندنەکانمان لە پەیوەند بە لایەنە جۆرە بەجۆرەکانی بزوتنەوەی پەنابەری و دەورو جیگەوڕیگەی فیدراسیون و هەلسەنگاندنی قۆناغ بەقۆناغی کارەکانمان . ....D بۆ لایەرە 2

## ڕێکخراوەکانی ئەنجومەنی پەنابەران،لێبوردنی نیو دەوڵەتی، هیومەن رایت ووچ، فیدراسیۆن لەسەر کارەکانی داهاتووە لە پێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی عێراقی کۆدەبنەوە



ڕۆژی 23-11 لەکۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەران سازدرا لە لەندەن ڕێکخراوەکانی ( Human Rights Watch, Amnesty International ,International Rescue Committee, Refugee Council ,IFIR) کۆبوونەوە سەرباری ئەوەی تێکرا لەسەر یەک هەلۆیستی دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی تاکیدیان کردەوە ،بریار درا کاربکرێت لە ڕاستای هاوکاری کردنی کەیسەکانی پەنابەرانی عیٚراقی و پیٚشنیارکرا ڕۆژێک دابنرێت لەساڵی داهاتوودا بەبۆنەی 5 ساڵ بەسەر تێپیەربوونی جەنگی عیٚراق.....D بۆ لایەرە 4

## بابچین بە دەم ڕێپێوانی نێوان شاری زیوریخ و بێرنەوە

.....D بۆ لایەرە

**سەردانی ماڵ پەری فیدراسیون بکەن : www.federasion.org**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# دوو پەنابەر لە زیندان ئازادکران !

دوێنێ (عەلی ئەحمەد، محمەد) دوو پەنابەری کوردی عێراقی لەگرتووخانەی دەستبەسەری ( کۆلن برۆک، ئۆکنتن ) دوای هەوڵ وتیکۆشانێکی زۆری فیدراسیون و ڕیکخراوەی مافی مرۆڤ لەفەنسا ئازادکران

عەلی ئەحمەد لە ڕێگای تەلەفوونەوە بە سکرتاریەتی فیدراسیونی ڕاگەیاند کە دوێنێ دادگا بەریتانیا بڕیاریان دا ئازادی بکەن، دوای ماوەی زیاتر لە 7 مانگ ڕاگرتنی لە گرتووخانەی دەستبەسەری ئۆکنتن ( Oakington ) ، ئەحمەد ئاماژەی بەوەشکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کوردی عیراقی لەم گرتووخانەیەدا ماونەتەوە لە بارودخێکی خراپدا ژیان بەسەر دەبەن وداواتان لێ دەکەین هەرکارێکتان بۆ دەکرێ بیکەن، هاوکاریتان جیگەی ڕێزوستایشە ..

ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô ô

**پاشماوەی... ( پاشکۆی هەفتەنامەی فیدراسیون ) .....**

هەربۆیە لەمبارەوە ئەو ووتارانە کە لە پاشکۆی هەفتەنامەدا بلاو دەکرێنەوە لە پلەی یەکەمدا زیاتر تەرخان دەکریت بۆ ئەندامان و هەڵسورانی فیدراسیون، بەدلنیاییەوە ئەگەر دۆستانێکی دەرەوەی فیدراسیونیش بابەت و ووتاری پەیوەندارمان بۆ بنێرن وەک بۆچونی شخسی خۆیان ئەوا هەوڵ دەدەین کە بلاویان بکەینەوە !

ئەوەی ماوەتەوە لەمبارەوە ڕایگەیەنین بانگەوازمانە بۆ هەموو هاورێ یانی فیدراسیون و هەر دۆستانیک کە بۆچوونێکی تایبەتی خۆیان هەیە لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانی کودی عیراقیەوە ئەوا بۆ ژمارەکانی داهاتوو هاوکاریمان بکەن و بابەتەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن ! **سەرنووسەر : ڕێبوار عارف**

## سویسرا / بابچین بەدەم ڕێپێوانی گەورەی نێوان شاری ( زوریخ و بێرن )دوە !

ڕۆژی شەممە 1/ 12/ 2007 جەمال کۆشش بە نووێنەرایەتی فیدراسیون بەشداریکرد لەکۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمیتەو کەمپەینی( مافی نیشتەجێ بوون بۆ هەموو) کە لەشاری بێرن بەرێوەچوو وە ژمارەیەک ڕێکخراوی سویسری و پەنابەری کەلەشاری زوریخ، جنیف، فریبۆرگ، لوزێرن ...تیدابەشداربوون، ئەم کۆبوونەوە لە چوارچێوەی کەمپەینێکە کە لە ئاستی سویسرادا دژ بەبریاری تازەی دەوڵەتی سویسری بەرێخراوە. دوای ئەوەی هەرنووێنەرێک ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد ئاماە بوان پێیان لەسەر کاری هاوبەش و بەرەی هاوبەش داگرت و ڕایانگەیاند کە بەهەموو تواناییانەوە دژ بەبڕیاری دەوڵەتی سویسرا دەوەستنەوە کە لە 2008/1/1وە پیادەدەکرێ وسەرجەم ئەو پەنابەرانەی کەوەلامی نێگەتیڤیان هەیە دەگەڕێنە کەمپی گشتیەوەو هەموو مافێکیا لێ دەستێنرێتەوە...بڕیاردرا کەلە شاری زوریخەوە بۆ بێرن مارشێک بەرێبخەن، وە لەهەر شارێک هەولبدرێ بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمیتەو کەمپەنیەوە دوا لەلایەنەکانی بکرێ بەشداربکەن، وە بریارە لە 2/2/ 2008 کۆبونەوەیەکی گشتی لەئاستی سەرتاسەری سویسرا سازبکرێ .




ڕۆژی 2007/12/2 ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیون لەسوسیرا کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ بەشێک لە هەڵسوراوان وپەنابەرانی شاری زوریخ سازکرد، لەو کۆبوونەوەدا سەرەتا سکرتیری فیدراسیون ڕاپۆتێکی لەسەر کاروچالاکیەکی دەورەی ڕابردوو پێشکەشکردو لەبەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا ئەحمەد عەلی پرۆژەی کاری داهاتوو بەتایبەت مانگرتنی 2007/12/18 بۆ ئامادەبووان ڕونکردەوەو داوای کرد کەبەو پەڕی تواناوە بەشداری چالاکانە لەو مانگرتنەدا بکەن. دوابەدوای ئەمە میخی شتیڤان کە لە ڕێکخراوەی اوگن ئاوفەرە بەشداربوو لەسەر مانگرتنەکە باسێکی کورتی پێشەکەش کرد،لەکۆتایشدا نزیکەی10کەس خۆیان ناو نووسکردو بۆمانگرت وفۆرمی ئەندامیەتی لەفیدراسیونیان پرکردەوەو بڕیاریاندا کاری جدی لەگەڵ فیدراسیون دەسپێبکەن وسەردانی کەمپەکان بکەن وهەروەها بڕیاریاندا کە بەسەدان نوسخە لە هەفتەنامەی فیدراسیون کۆپی بکەنەوە وبلاوی بکەنەوە .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕێکخراوەکانی ئەنجومەنی پەنابەران،لێبوردنی نیو دەوڵەتی، هیومەن رایت ووچ، فیدراسیۆن لەسەر کارەکانی داهاتووە لە پێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی عێراقی کۆدەبنەوە

ڕۆژی 11-23 لەکۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەران سازدرا لە لەندەن ڕیکخراوەکانی ( Human Rights Watch, Amnesty International ,International Rescue Committee, Refugee Council ,IFIR) کۆبوونەوە سەرباری ئەوەی تێکرا لەسەر یەک هەڵویستی دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی تاکیدیان کردەوە ،بریار درا کاربکریٚت لە ڕاستای هاوکاری کردنی کەیسەکانی پەنابەرانی عیٚراقی و پێشنیارکرا ڕۆژێک دابنریٚت لە ساڵی داهاتوودا بەبۆنەی 5 ساڵ بەسەر تێپەربوونی جەنگی عیٚراق کۆبوونە وەیەکی بەرفراوان ئەنجام بدریٚ و چالاکی جۆراجۆر بکریٚ وچەند کەسایەتی یەک لە واشنتۆنەوە بانگهێشت بکریٚت تا لەسەر ئاکامەکانی جەنگ و بارودۆخی نائەمنی عیراق و هۆکارەکانی ئاوەربوون بەدریٚژی قسەو باسبکریٚت. شایەنی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا (دەشتی جەمال) سکرتیری فیدراسیۆن و( Karean Johnson ) لەبەرەی دژی دیپۆرتی پەناب‌ەران بۆ عیراق بەشداریانکرد،لەم کۆبوونەوەیەدا سکرتیٚری فیدراسیۆن لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیا وەک پیٚشیلکاری مافی مرۆڤ و توندو تیژی یەک کە لەبەرامبەر پەنابەرانی کوردی عیٚراق بەریٚوە دەبریٚ قسەو باسی کرد، لە قسەو باسەکاندا ئاماژەی دا بە نا یاسای گـیٚڕانـــــەوەی پەنابەران بۆ وولاتیٚک کەوا ناجیٚگیر نائەمنەو گرنگی یەک دەگی ئەم دەنگە ڕیٚکخراوانە بـــەرامبەر بەم کـارەساتە ، هــاوکــــــات ئەو لایـەنەی ڕۆشنکردەوە کەچەند ڕۆژێکە میـــدیـــاکان قسـه لەسـەر گەرانەوەی پەنابەرە عیراقیەکانی سوریا دەکەن و رایگەیاند (ڕۆشنە کەباسکردن لە گەڕانەوەی پەنابەران لەم وەزعەی ئێستادا ئاکامێکی دیاریکراوی سیاسی لەپشتەوەیە کەدەیەویٚ چارەنووسی پەنابەران وەک وەرقەیەکی سیاسی بەکاربهێنێت بۆ چوونە پشت سەر ادعاکانی حکومەتی ئەمەریکا لەبارەی باشتربوونی بارودۆخی ئەمنی عیراق وهەروەها دەستی وولاٰتە ئەورپییەکان کراوە رابگریٚت کە حکومەتی عیراق ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتێک لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی پەنابەران وبەمەش پیٚشوازی بکەن لە سیاسەتی گەڕانەوەی پەنابەران بۆ عیٚراق وکوردستان وە ئەمەش هەڵویستی جدی لە ئیٚمە دەخوازیٚت...) .

له کۆتایدا بریادرا کۆبوونەوەی تر ئەنجام بدریٚ لە پێناو هاوکاری زیاتری پەنابەرانی عیراقی و فیدراسیۆن هاوکاری بکات لە بارەی کەیسەکانی پەنابەرانی عیراقی.

± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ±
± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ± ±

## پیٚکەوە لە ژێر چەترێکدا دەتوانین بەهێز بین !



ڕۆژی 11-26 کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی (ASAP ( **Asylum Appeals Support Project** ) لە بارەگای شارەوانی لە لەندەن بەریٚوە چوو . وەفدێکی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کە پیٚک هاتبوو لە (دەشتی جەمال، ئاسۆ گۆران، کارن جۆنسن) بانگهێشت کران بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەدا. سکرتیری فیدراسیۆن لەم کۆنفرانسە دا قسەو باسیٚکی پیٚشکەشکرد لەسەر بارودۆخی نائەمنی وناجیٚگیری و جەنگ وداگیرکاری ئیٚستای عیٚراق و کوردستان وهۆکارەکانی ئاوەربوون و چوونیٚتی مامەڵەکردنی ووڵاتە ئەورووپیەکان بەگشتی و بەریتانیا بە مافەکانی پەنابەرانەوە.

هەروەها لە بەشیٚکی تری قسەو باسەکان پیٚشیلکاری بریارەنامە نیو دەوڵەتی و یاسا و مافەکانی مرۆڤی کرد کەچۆن لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پیٚشیل دەکریٚ، ئەوەی بەیاد هیٚنایەوە کە دوو ساڵ بەر لە ئیٚستا پەنابەرانی کوردی عیراقی بەکەلەپچە و بە فرۆکەی سەربازی ڕەوانەی کوردستان ..

D بۆ لایەرە 4

پاشماوەی پێکەوە لەژێر چەترێکدا...

بەفرۆکەی سەربازی رەوانەی کوردستان کراونەتەوە. هاوکات سپاسگوزاری لایەنەکانی بەشداری کرد لەو کۆنفرانسەدا کە پشتیوان وهاوکاری کارەکانی فیدراسیۆن بوون و داوای کرد پیشتیوانی بکەن لەم خواستانەی پەنابەرانی عێراقی:

1. ئازاد کردنی دەستبەجێ پەنابەرانی کوردی عیراقی لە گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیا.
2. فشار هێنان بۆ حکومەتی بەریتانیا تا گێرانەوەی بەزۆری ملی پەنابەرانی عیراقی رابگرێت.
3. چاوپیاخشاوە بەکەیسەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی و دانی مافی نیشتەجێ بوون مانەوە و کارکردن و خوێندن و گێرانەوەی تەواوی خزمەت گوزرایەکان بە پەنابەران .

لەکۆتایدا لەسەر گرنگی کاری هاوبەش و پیک هێنانی پەیوەندی توندو تۆڵ لە ئاستی رێکخراوە ولایەنە ئینسانی و پەنابەرێکان لە ئاستی ئەوروپا لە ژیر چەترێک تا بەهێزێکی زیاتر بتوانرێ بەرەیەکی بەهێز پیک بهێنرێ لەئاستی ئەوروپا لەپێناو زامن کردنی مافە ئینسانیەکانی پەنابەران. پاشان وەلأم بە پرسیارەکانی ئامادەبوان دارایەوە (دەشتی جەمال) بە ئەندامی کۆمیتەی ئەم ریکخراوەیە هەلبژیرا.

**دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە**

**دەشتی جەمال**

d.jamal@ntlworl.com

**جەمال کۆشش**

jamal-hasan@hotmail.com

**بابان عسمان:**

badasoz74@hotmail.com

**جاسم غفور**

jasm_rg@yahoo.couk

**عمر ئەمین**

omaramin8@hotmail.com

**ئاسۆ گۆران :**

asobalabarz116@hotmail.com

**سۆزان حسن :**

irakco@hotmail.com

**ڕێبوار عارف :**

fediraq@welho.com

“ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “

**ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت**

IFIR:PO.BOX1575,ILFOD,
IG1 3BZ, LONDON UK

**ئاکاداری یەکی گرنگ بۆ ئەو پەنابەرانەی لەکرتووخانە دەستەبەسەرەکان وە یا لە کەمپەکان هەرەشەی دیپۆرت دەیانگرێتەوە**

بەپێی ی ئەو زانیارانەی کە رێگەی کەمپەینی نیشتمانی دژ نەژادپەرستی بە فیدراسیون گەیشتووە، ئەو پەنابەرانەی هەرەشەی ناردنەوەیان لەسەرە وەیا توونودتیژیان بەرامبەر ئەنجامدراوە دەتوانن کەیس و کێشەکانیان لە رێگەی پرکردنەوەی فۆرمێکی تایبەتی لەلایەن دادگای مافی مرۆڤ لە ئەورووپاوە پاشان بەفاکس وەیا بەپۆست رەوانەی بارەگاکانی دادگایی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا ECHR) ) بکەن تا پەیگیری کێشەکانیان بکرێت، ئەمەش رێگایەکی تری فشارهینان دەتوانێ بەسوود بیت بۆ پەنابەران . هەوڵبدەن تەواوی پرسیارەکانی ئەم فۆرمە پربکەنەوە / دەتوانن فۆرمەکە لە رێگەی کلیکی ئەم لینکەوە بە دەست بهێنن /

Application forms/all languages fo the European Union

دوای پرکردنەوەی فۆرمەکە بە فاکس یان بەپۆست رەوانەی ئەم ئادرسەی خوارەوەی بکەن :

European Court of Human Rights

Council of Europe

F-67075 Strasbourg Cedex

France

Tel:+ 33 (0)3 88 41 20 18

Fax: 0033 3 88 41 27 30

تکایە ئەم فۆرمە بە دەست پەنابەران بگەیەنن لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان ، زیندانەکان ، یان لە کەمپەکان ..) بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

**هەفتەنامەی فیدراسیۆن بخوێننەوەو بیگەیەنن بە دۆستان و ئاشنایانی دەوروبەرتان ، راپۆرت و هەواڵ وچالاکەیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەلأمیان دەدەینەوە ! سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن ڕێبوار عارف**

Tel: 00358 440464905

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com